نووسینگەی سیستانی ڕێژەی سەرفیترەی بە هەر تاکێك بە 1500 دینار دیاری کرد

نووسینگەی مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق ڕێژەی سەرفیترەی بە هەر تاکێك لەم مانگە پیرۆزەی ڕەمەزاندا بە ئەمساڵ بە 1500 دینای عێراقی دیاری کرد، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە هەرێمی کوردستان و هەروەها دیوانی وەقفی سوننیش بە ئەمسال سەرفیترە بە 3 هەزار دیناری دیاری کرابوو.

ئەمە سەشمەمە نووسینگەی عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکان باوی کردەوە: بەی سەرفیترەی ئەمساڵ بە هەر تاکێك بریتییە لە 1500 دیناری عێراقی.

ئەمە لەکاتێکدایە کە لە سەرەتای مانگی ڕەمەزاندا دیوانی وەقفی سوننی عێراق ڕێژەی سەرفیترەی هەر تاکێکی بە 3 هەزار دیناری عێراقی دیاری کردبوو.

بەهەمانشێوە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان ڕێژەی سەرفیترەی بە ئەمساڵ بە 3 هەزار دینار دیاری کردبوو.